بافڵ تاڵبانی: نابەت گەلی کورد پەراوێزبخرێت و پێویستە بەشداری راستەقینەی بکات لە بنیادنانی سووریا



بافڵ تاڵبانی، سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەباشان پێشوازی لە ستیڤن هیچن، باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد، لە دیدارەکدا دواین پەرەسەندنە سیاسی و ئەمنییەکانی ناوچەکە گفتوگۆی لەبارەوە کرا.

بافڵ تاڵبانی سەبارەت بە دۆخی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان دووپاتی لە پاراستنی مافی هەموولایەک لە چوارچێوەی دەستوورێکی نوێدا کردەوە کە ببێتە مایەی ئارامی و کۆتاییهێنان بە نەهامەتییەکان و ڕایگەیاند، نابەت گەلی کورد پەراوێزبخرێت و پێویستە بەشداری ڕاستەقینە بکات لە بنیادنانەوەی سووریادا و هەوڵبدرێت کێشەکانی دەرەوەی ئەم ویستە بە زیان بە وڵاتەکە دەشکێتەوە.

هەر لە دیدارە بەهێی کۆتاییهاتن بە ئیرکەکەی لە عێراق، تاڵبانی هیوای سەرکەوتنی بە ستیڤن هیچن لە ئیرکی داهاتوویدا خواست و پابەندبوونی یەکێتیی دووپاتکردەوە بە پەرەپێدانی بەها هاوبەشەکان لەگەڵ بەریتانیادا بە شێوەیەک ببێتە مایەی بەهێزترکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان.